# پارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٢٩٧٧] ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بۆ پرۆژەی :- ( پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سنوری شارەوانی سلێمانی )

## ( کاری پاککردنەوە ،کۆکردنەوە،گواستنەوەو دا پۆشینی خۆڵ و خاشاکی سنوری رۆژئاوا ) ( دووەم جار ).

**پارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای **پارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠١٥/١١/١٠ ) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠١٥/١١/٢٣ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ ) ی نیوەڕۆ .

٢- رۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٤/ ١١/ ٢٠١٥ ) تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ ) ی نیوەڕۆ .

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی ( ٢٥ / ١١ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر رۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم رۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ٣ ) سی ساڵ رۆژ ( رۆژمێری ) .لە ٢٠١٦/١/١ – ٢٠١٨/١٢/٣١

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ،مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی ئاوخۆیین بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان پلە (١) بێت وێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت و ماوەی بەسەر نەچووبێت ، پێویستە پسپۆری کۆمپانیاکان بەڵێندەرایەتی گشتی یان پسپۆری لە پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکدابێت.

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت ،تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك , تۆمارین و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم, هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئەنجام دابێت.

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت ،تایبەتمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك پێویستە مۆڵەتی کارکردنیان هەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێم, هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئەنجام دابێت.

٤- ئەگەر کۆمپانیای بەشدار بوو هەرکارێکی هاوشێوەی هەبێت دەتوانێت بە دۆکۆمێنتی فەرمی پێشکەشی بکات.

٥- ئەگەر کۆمپانیای بەشدا بوو هەرئامێرو کەرەستەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەو پاککردنەوەی خاشاکی هەیە دەتوانێت پێشکەشەی بکات.

٦- کۆمپانیای دەرەکی مەرجە (joint venture) بکات لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆ.

٧- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٨- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٩- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٤٤٠,٠٠٠,٠٠٠ ) چوار سەدو چل ملیۆن دینارە بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) رۆژ پێشکەش دەکرێت.

١٠- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١١- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

**سەردار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥/١١/١٠

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری / گە نجینەی (٢) / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر.
- ب . گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری /
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن, بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .

ل.تەندەر سەرچاوە

ئە. جێگری تەندەر

ئە.ئامادەکردنی تەندەر

ئامادەکردنی بانگەواز